# جیابوونەوە

مستەفا چــوارتایــی
chuartaiy@gmail.com



ئەی هاوڕێی خەم
بۆ ئەم كاروانە نادیارە
وا خەریكم
خۆم ڕێک دەخەم

شیعرەكانم
وەک فریشتەی پەیامبەر بوون
دەهاتنە لات
نەگەڕانەوە بۆ لای من
لە ڕێگا بێسەروشوێن بوون

وام ئەزانی
وەک من خاوەن
هەمان هەستی
كە دێن هەڵدەستی لەبەریان
گەرم لە باوەشیان دەگری

من هەڵە بووم
نەمزانی ئەدەی لەسەریان
بەوجۆرە بێزار وپەستی

بەڵێن ئەدەم وەک مرۆڤێكی بە ئاگا
نەک بە مەستی
جارێكی كە
لە زمانی من نەبیستی
خۆشەویستی

ئەڵمانیا ـ كوێلن ـ 17 ئۆكتۆبەری 2007